# بریا فێر بین شتێك له گولله نه‌رمتر
# بگرینه ڕای پێچه‌وانه

**چنار نامق**

هەڵەبجە شاری من نییە وەلیٚ گشت ساڵێك دەمگرێنێ، خەمی ئەمجارەم بەقەدەر خەمی (٥٠٠٠) هەزار شەهیدە چونکە ئەمساڵ کردمانە (٥٠٠١).

وادیارە هەڵەبجە ئەمساڵ بڕیاری دابوو لە١٦ /٣ نەریتی گریان جێبێڵێ و بەدروشم وداخوازییەوە ئەو یادە شکۆدارتر کا ،ئەو ڕۆژە (کوردە) ی تەمەن (١٧)ی سەر بەکۆمەڵەی خویندکاران ، قوتابی قۆناغی ئامادەیی لەگەڵ جەماوەری شاردا لەژێر دروشمی دیموکراسیدا بانگەشەیان بۆ ژیان کرد

ژیان ، بووژانەوە ، ئاوەدانی ، مافێکی سادەی مرۆڤە لەهەموو جێگایەکی جیهاندا ، دەکریت دەسەڵات پاڵپشتی بکات وریزی لیٚبگرێت ، ئەودەم لەنێو دڵی جەماوەردا جێی خۆی دەکاتەوە ، هەڵبەتە دەکرا دەسەڵات بەپلان ونەخشەکێشان بۆ ئایندە جەماوەری خۆپیشاندەر هێمن بکاتەوە ، ڕەنگە زۆر جار ئەستەم بێت لەجێی گولە بەرامبەرەکەت گوڵ باران کەی ،بەلاٚم قورس نییە گەر هێمنتر مامەڵە لەگەڵ باروودۆخەکەدا بکەیت ، بێگومان بەرگری کردن لە خود مافێکی سروشتی گشت تاکێکە لەکۆمەڵگە بەمەرجێك زیانی گیانی لێنەکەوێتەوە ،

لێرەدا مەبەستمە بڵێم کە منداڵێك ورك لەباوکیدەگرێت ، باوکەکە هەموو ڕێگایەك دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی توندو تیژی بەرامبەر منداڵەکەی نەنوێنێت، دەکرێت دەسەڵات ئەو باوکە میهرەبانە بیٚ وبە سینگی فراوانەوە کۆرپەکانی ولاٚتەکەی لە ئامیز بگرێت دور لە توندو تیژی ،با خۆ پیشاندان ساز بکرێت، با

رای پێچەوانە هەبێت مادام دروشمێکمان هەیە پێیدەگوترێت دیموکراسی ،
هەڵبەتە ئەم پەیامەم بۆ بڕیار بەدەستەکانە
شێوازی بەرگری کردن زۆرە لەکاتی خۆپیشاندانی جەماوەری ، گەر بڕوانینە سیستەمی جیهان و وڵاتانی پێشکەوتوو ، چەکی بکوژ ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ناکرێتەوە ، ئەکرا لەجێی گولە خەڵکیان ئاو پەرژێن کردایە ، ئاگری ناخی خەڵکییان بکوژاندایەتەوە بەر لەوەی گر لەشوێنی تر بەردەن ،
با فێر بین گوێ لەویست وخواستی خەڵکی بگرین ولێیبکۆڵینەوە ئەودەم دەزانین چەند ڕەوایە یان نا ڕەوا ،ئەودەم جەماوەر خۆی پێی خۆش دەبێت نزیك بێتەوە لەدەسەڵات .
ڕەنگە (کوردە) ئەو ڕۆژە لەماڵ چوبێتەدەر تەنها مەرگی خۆی بەخەیاڵدا نەهاتبێ ، ڕێپێوانەکەی بەشتێکی زۆر سادە هاتبێتە بەرچاو ،چونکە پێی وابووە لەوڵاتێکی دیموکراسیدا دەژیت وداواکانی ڕووبەڕووی‌باوکێکی میهرەبان دەکاتەوە ، بەڵام جەخار بۆ ئەو باوکە دڵڕەقانە بەگولە وەڵامی دایەوە چیدی کوردە بۆ هاتایە بەرەو ماڵ نەگەرایەوە ، تۆ بڵێی ڕۆژێك دابێت کێشەکانمان بەئارامی چارەسەرکەین دور لەتوندی وخوێن ؟

هەر وەك بەکر عەلی دەڵێت

با شەقامەکان بەگوڵسوورکەین

نەك بەخوێن